# مێژووی هەرەس

عومەر کەریم بەرزنجی

لەوەتەی هەم
وەک هابیلێکی نیگەران
خوێنم شاباشی قابیلەو
جەستەم جوگرافیایەکی شێواو
عومرێکە بەدوای نەخشەی
لەت لەت بووی خۆما ئەگەڕێم
سەرم لە مەغریبەو
لەشم لە مەشریق
چی عەسرێکە
وەک عیسایەکی بێ باوان چاوەڕێم
خاچی مەرگی خۆمم هەروا بەکۆڵەوە
ئەم کەونە
لە گۆچانی دەستی پیرە پیاوێک دەچێ
مۆلەقەو هەمیشە دەلەرزێ
ئەی خاکی سووتماکی ئەم دڵە تەنیایەم
خۆبستێک لەم کەونە نەماوە
هەواری ئەم کۆچەی تیاهەڵدەین
دەرگایەک نەماوە ئەم رۆحەم
وەک دەرۆزەکەرێکی نیگەران
لەبەردەمیا هەڵنەکورمێ
عەسرێکە ئاسمانی ئەم زێدەم
هەر سوور دەچێتەوە
گیانم خۆڵە مێشی کوانووەکەی
باپیرە زەردەشتەو

www.dengekan.com

دەشمەوێت مەرگ تێک بشکێنم
"ساناتۆس"هەستمەوەو
تەپوو تۆزی چاخی بەربەرییەت
لەم گیانە ماندووەم تەکێنم
"گلگامێش" کۆتایی بەم مەرگ و نەهاتە
بۆ ئەبەد بهێنم.

لە ژمارە"181"ی رۆژی2000/7/16ی هەفتەنامەی"رێبازی ئازادی"و ژمارە"80"ی رۆژی 2000/2/17ی هەفتەنامەی"رزگاری"دا لە ژێر ناونیشانی"جوگرافیای جەستەیەکی شێواو"دا بلاّوکراوەتەوە